# بەرد لە بەردی بێتەوە،دەنگی هەیە[1]

هۆمەر نۆریاوی

یەکەم،لە سەردەمێکدا مرۆ کەوتووەتە بەر شالاوی هەمەلایەنەی میدیا و،شۆڕشی تەکنۆلۆژیایش بەلەز هەموو لایەکی تەنیوە،میدیاکارێکی کورد لەم جەنجاڵستانەدا و لە نێو بێدەنگییەکی کوشندەدا بنئاخ دەکرێت و نووزەیەکیش تەنانەت لە خودی ئەو میدیا و ڕاگەیاندانەوە بەرگوێ ناکەوێت کە ئەم مرۆ نازەنینە،تەمەنێک خەباتی تێدا کردوون و بەشێکی فرەی ژیانی خۆی پێ بەخشیون!

دووەم،مرۆی ئەم ڕۆژگارە سەرقاڵە،ڕۆژانە ئەوەندە گیرۆدەی نێو دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە تەنانەت ئاگای لە دەوروبەرەکەی خۆیشی نییە و ئەوە ئەم دنیا ئاڵۆسکاو و بێسەروبەرەیە کە جڵەوی ژیانی ئینسانی گرتووەتە دەست و بە مەیلی خۆی ڕاکێش و پەلکێشی ئەملاولای دەکات. خەڵک ئەوەندە نوقمی نێو ئەوپەڕ دنیایە کە تاق و تەنیا وەک شێتان قاقا پێدەکەنێت کەچی خەمسارد خەمسارد بە پەنای خەڵکە نزیکەکەی پەنادەستی خۆیدا تێدەپەڕێت و خۆی لە ئاست فرمێسکی سەر ڕوومەتی خەڵکانی جیران،لێ نەبان دەکات! چونکە ڕاستیت گەرەگە زۆرینە لە لایەن میدیاوە قورمیش دەکرێت و بیرکردنەوە و هزرین دوا پرسە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. کاتێک خودی ڕاگەیاندنیش سەرقاڵی ئاشووفتەبازاڕەکەی خۆیەتی،ئیدی چاوەڕوانی چیت لە جەماوەر هەیە!

سێیەم،ئەم میدیاکارە ڕەزاسووکە کە مەبەستی ئەم کورتە نووسینەیە، ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی(۱۹٤٥)،لە شاری"سنە"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لە ڕووی ژیان هەڵدەهێنێت. واتە ڕاست ساڵێک پێش دامەزرانی ڕادیۆ کوردیی تاران کە ڕۆژی ٤ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲٥ی هەتاوی(۲٥ی

[1] نالەی جودایی،ل۲۰

نۆڤەمبەری ١٩٤٦)،پەخش و وەشانی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە ئێراندا دەست پێ دەکات.

تەمەنی لاوەتی خۆی هەر لە باژارەکەی خۆی(شاری سنە)دا وەپشت سەر دەنێت. لە تەمەنێکی خوار و کەمدا چارەنووس پەلکێشی دنیایەکی دی دەکات کەچی شۆق و حەزی خوێندنەوە هەرگیز دەستبەرداری نابێت و هێدی هێدی کە هەست بە بەهرە و تواناکەی خۆی دەکات،لە چلەکانی هەتاوی(شەستەکانی زایینی)بەملاوە،ئاوێتەی نێو دنیای ڕاگەیاندنی کوردی دەبێت و سەرەتا وەک بێژەر پێی بە ڕادیۆ کوردیی تاران ددەکرێتەوە.

"سەعدەین ستوودە"کە ڕۆژگارێکی درێژ دەرهێنەر و نووسەرێکی بەئەزموون و ناودیاری نێو ڕادیۆ کوردیی تاران بووە،سەبارەت بەم خانمە میدیاکارە دەڵێ،لە چلەکانی هەتاوی(شەستەکانی زایینی)بەملاوە لە سەردەمی باوکمدا[سەیید ئیبراهیم ستوودە(٢٠٠٠-١٩٢٦)کە نووسەر و شاعیرێکی ناسراوی کوردە و ساڵی ١٣٤٥ تا ١٣٤٩ی هەتاوی بەڕێوەبەری ڕادیۆ کوردیی تاران دەبێت]،وەک بێژەر دەست بە خەباتی میدیایی دەکات.

ئەم خانمە میدیاکارە تەمەنێک وەک بێژەر و ئەکتەرێکی کارامە لەو مەتەرێزەوە دەگەڵ چەندان میدیاکاری دی هەر وەک میدیا زەندی(٢٠٠٨-١٩٤٠)،ناهید ڕاهدار(٢٠٢٥-١٩٤٩)، عوسمان ئەحمەدی(١٩٣٧)و...،ڕاژە و خزمەتی چاند و زمانی کوردی دەکات و تا دێت توانا و بەهرەکەی پتر دەگەشێتەوە و،لەم سەنگەرەوە سەرچاوەی خزمەت دەبێت. واتە ڕاست لەو قۆناخە زێڕینەدا کە ڕادیۆ پڕی دەبێت لە کەسایەتی وەک شوکروڵڵا بابان(٢٠١٢-١٩٢٣)، سوارە ئێلخانیزادە(١٩٧٦-١٩٣٧)،عوسمان ئەحمەدی،دوکتۆر عابید سیراجەدینی(١٩٩٥-١٩٢٣)،حەسەن زیرەک(١٩٧٢-١٩٢١)،پەروین موشیروەزیری(٢٠١٠-١٩٤١)،هومایۆن کەمانگەر(١٩٤٢)،مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی(٢٠٠١-١٩١٣)میدیا زەندی،سەیید عەزیز عەلەوی(٢٠١٩-

١٩٣٠)،ناسر ڕەوشەن(١٩٤٦)،محەممەد عەبدولسەمەدی(١٩٩٩-١٩٣٦)،عەلائەدین بابەشەهابی(٢٠١٤-١٩٣٩)،محەممەدساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل)(٢٠١٨-١٩٣٣)، حەسەن سەلاح ناسراو بە سۆران(٢٠٠٩-١٩٤١)،سۆران سنەیی(کوردستانی)،محەممەدفاتیح محەممەدی (١٩٤٧)،سەیید جەلال نیزامی(١٩٥١) و... .

چوارەم،ئەم میدیاکارە دواتر ڕوو لە شارەکەی خۆی(سنە)دەکاتەوە و لە پەنجاکانی هەتاویی بەملاوە و پاش کرانەوەی ڕادیۆ لە سنە،لە ڕادیۆ سنەوە درێژە بە کاری میدیایی دەدات و بەشێکی دی توانا میدیاییەکەی لەوێندەر دەردەخات.

پێویستە ئاماژە بەم خاڵە گرینگەیش بدرێت کە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی(١٩٥١)پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە شاری"سنە"دەست پێ دەکات. بە واتایەکی وردتر،ڕۆژی ٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی(١٩٥٢)پەخش و وەشانی بەرنامە بە زمانی کوردی لە ڕادیۆ سنەوە بە بنزاری ئەردەڵانی دەست پێ دەبێت.[٢]

پێنجەم،وەک خودی خۆم کە تەمەنێک لە نێو میدیا و ڕاگەیاندنی کوردیدا خەباتم کردووە،سەرەتا لە هەشتاکانی هەتاویدا و لە بەشی چیرۆکی ڕادیۆوە بەم کەسایەتییە ئاشنا بووم. خانمێکی ئێسکسووک و خاوەن دەنگێکی سیخناخی میهرەبانی و سۆزێکی جوان کە دەیان دەوری لە چیرۆکی ڕادیۆدا دەبینی و هەر جارە و گۆشەیەک لە توانا هونەرییەکەی دەخستە بەرچاو.

شەشەم،ئەم میدیاکارە کوردە کە لە دوای شوێنێکی هەراوتر بۆ دەرخستنی تواناکەی خۆی دەگەڕا،دوابەدوای دامەزرانی سەحەری کوردی لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی(١٩٩٧)،زۆر خێرا لێرەوە درێژەی بە خەباتە میدیاییەکەی

---

[٢] آرش امجدی،ص٤٣

دا و وەک ئەکتەرێکی بواری دۆبلاژ پێی بەم مەیدانە کرایەوە و ئەم بەستێنەی بۆ کارکردن هەڵبژارد. ئەرچی زۆر پێشتریش هەر لەم بوارەدا توانای خۆی تاقی کردبووەوە. ئەمەیش بۆچوونی محەممەد فەرەیدوونی،دەرهێنەری ناسراوی بواری میدیا و ڕاگەیاندنی کوردییە کە ڕاستیی بۆچوونەکە سەبارەت بەم خانمە میدیاکارە دەسەلمێنێت.

دێتەوە یادم،ئەم میدیاکارە هەر جارە و لە سنەوە بە پاس ڕووی لە تاران دەنا بۆ ئەوەی لە چیرۆکێکی ڕادیۆیی یان درامایەکی تێڤێدا دەور ببینێت و هەگبە میدیاییەکەی خۆی دەوڵەمەندتر بکات. دەرهێنەرەکانی ڕادیۆ،میدیاکارانی هەر وەک سەعدەین ستوودە،کاوە کەمانگەرپوور،زێنەب مستەفایی،ئەحەد ساڵحی،شاڕەزا قەوامی و بەڕێوەبەرانی دۆبلاژ هەر وەک محەممەد فەرەیدوونی،زانیار کەمانگەر،فەرزاد مەشعووف و...،دەتوانن باشترین بەڵگە و شایەت بۆ توانا والاّ هونەرییەکەی ئەم خانمە میدیاکارە بن.

حەوتەم،ئەو میدیا و ڕاگەیاندانەی کە هەڵگری مێژوویەکی ٨٠ و نزیک بە ٦٠ ساڵەن و دەیان سیما و کەسایەتی ناودیاری کورد هەر وەک دوکتۆر محەممەدسدیق موفتیزادە(١٩٨٤-١٩٢١)،عەبدوڕەحمان موفتیزادە،ئەحمەد موفتیزادە(١٩٩٣-١٩٣٣)،خالیدئاغا حیسامی(٢٠١٦-١٩٢٧)،هەژار موکریانی،جەمیل ڕۆژبەیانی،حەسەن زیرەک،سوارە ئێلخانیزادە،مەزهەر خالقی،هومایۆن کەمانگەر،شەپۆل،سەیید ئیبراهیم ستوودە،خوسرەو شێخکانلوو(٢٠٠٤-١٩٢٥)،سەیید عەزیز عەلەوی،حەسەن سەلاح سۆران،حیسامەدین ئەمین،سدیق بۆرەکەیی(٢٠٢٣-١٩٤٣)،میدیا زەندی،جەلال نیزامی،عەبباس کەمەندی،سەیید ئیسماعیل حسێنی(١٩٥٤)،میرزای هەورامی(١٩٥٧)،ژیلا حسێنی(١٩٩٦-١٩٦٤،شیلان گەیلانی(١٩٥٣)،کولسووم عوسمانپوور(١٩٦٨)،فەتانە مورادی(١٩٦٦)، و...تا دەگاتە نەوەی دواتر و سەدان تۆرەوان و نووسەری دی،لەم سەکۆوە خزمەتی

ڕووبەری کولتووری کوردییان کردووە،جێی کەسەرە کە سووک و سانا بە پەنای پرسێکی هەستیاری ئەوتۆدا تێدەپەڕن،ئیدی چلۆن دەیانهەوێت بە نەوەی ئێستا بڵێن ئێمە خاوەن چەندان میدیاین کە ٨٠ یان نزیک ٦٠ساڵی چالاکی و خەباتمان وەپشت سەر ناوە لەحاڵێکدا لە هەمبەر سیما و کەسایەتییە دیارەکانی خۆ،خۆ لە گێلی دەدەن و کەمتەرخەمن؟!

پار لە یادی ٨٠ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆ کوردیی تاراندا ئاماژەم بەم خاڵە دا کە میدیایەک ڕێز لە نەوەی دوێنێی خۆی نەنێت یان بە واتایەکی دی،ڕابردووی نەبێت،داهاتوویشی هیچ دەرناچێت. میدیات پێ شک دێت ٢٤کاتژمێرە ژار دەرخواردی بەردەنگ دەدات و"ئاو لە دەسکەوانا ئەکوتێ"[٣]کەچی ڕاگەیاندنی ئەوتۆیشت پێ سۆراغ دێت تەنێ بە چەند کاتژمێر و ڕووپەلێک،مێژوویەک دەنووسێتەوە کە دەبێتە ویردی سەرزاران و ئەم نەوە بۆ نەوەی دادێی دەگێڕێتەوە.

میدیا گەر لە دەست ئەهلەکەی نەبێت،دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەیشی لە لا هیچ گرینگ نابێت!

وەک نەوەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران،ڕۆژێک و بۆنەیەکم پێ شک نایە کە یادکردنەوەیەکی شیاوی نەوەی دوێنێی ڕاگەیاندنی کوردی تێدا بەڕێوە چووبێت. ئیدی چەمەڕای چ ڕێز و سەنگێک لە نێو جەماوەرەکەی خۆدا بین! دەیان کەسایەتی درەوشاوەی میدیا و ڕاگەیاندنی کوردیم پێ شک دێت کە پاش تەمەنێک ڕاژە و خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی،دریغ لە سۆراغگرتن و کورتە هەواڵپرسینێک! کەچی هەر کامە و بۆ خۆ لە سەردەمەکەی خۆدا لە پاراستن،بڵاوکردنەوە،گەشەپێدان و پێشخستنی زمان و کولتووری نەتەوەکەی خۆدا دەوری ئەستووندەکێکیان بینیوە.

---

[٣] فەرهەنگی کوردواتەنی،ع.ع.شەونم

پاش سەرکەوتنی شۆڕش،زۆر میدیاکار و شاعیر و ڕووناکبیری خەمخۆر دەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی دوێنێی ڕادیۆ یەک دەگرن و ڕەوتەکە بەرەوپێشەوە دەبەن. میدیا زەندی،ناهید ڕاهدار،ئەمیرئەسەلان شێخکانلوو،ناسر سینا،ئاگری هەژار،سەیید نیزام نیزامی،شایستە ئیبراهیمی،عەزیز عەبباسی،شاناز کەریمخانی،سورەییا ئەمینی،سەیید جەلال نیزامی،برایم بەریاجی،ئەییووب گازرانی،هۆمەر نۆریاوی،ئارەزوو زیرەک،ئازاد ئیبراهیمی،سورەییا مەولانی،حسێن قوربانپوور،نەشمیل نیزامی،کەریم ئەکبەرزادە،ئەنوەر هوژەبری،کەریم کلاشیی فەڕ،ئارام مستەوفی،کاوە کەمانگەرپوور،ناسر حەسەنی،پەروانە ڕەستگارفەڕ،زانیار کەمانگەر،سەعادەت ڕەحیمی،ئەمیر ڕەزایی،قادر دادخا،نەسرین حاتەمی،فەرەح هومایۆنڕووز،دینۆ مەحموودزادە،نەشمیل نیزامی،سیما ئابخزر،ڕەسووڵ شێخکانلوو،نەعمەت مارۆنسی،شلێر ئیمرانژاد،ئارەش ئەمجەدی و ...،هەر کامە و لە سووچ و گۆشەیەکی میدیاوە دەرکەوتوون و بۆ هەمیشە جێپەنجەی خزمەتیان دیارە.

هەشتەم،شارێکی مینا"سنە"کە بۆ جووڵە و بزاوتی فەرهەنگی لە هەر هەموو کوردستاندا ویردی سەرزاران و بگرە پێشەنگیشە،گەلێک سەیرە کە سادە و ساکار بە پەنای کەسایەتییەکی ئەوتۆدا تێدەپەڕێت و دواتر بە هەوڵ و خەمخۆریی چەندان دڵسۆزی ڕادیۆ هەر وەک ئارەزوو زیرەک،محەممەد فەرەیدوونی و نەشمیل نیزامی،سەنگی ڕاستینەی ئەم میدیاکارە دەگەڕێتەوە خولگەکەی خۆی و جارێکی دی ناوی دێتەوە ناو کایەی فەرهەنگی. کەچی لەڕاستیدا ئەوە ئەرکێکی هەرە سەرەتایی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی دەزگە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی خودی سنە و تارانە کە ئاوڕ لە ڕووداوە فەرهەنگییەکان بدەنەوە و کەسایەتییەکی ناسراوی بواری میدیا و ڕاگەیاندنی کوردی بەو چەشنە غەریبانە و بێدەنگ بنئاخ نەکرێت.

نۆیەم،یەک لە پرسە جەوهەرییەکان لە لای ڕۆژنامەوان و میدیاکار،پەیجۆریی و گەڕان بەدوای ڕاستیی ڕووداوەکانەدایە کە دەمێکە لای ڕۆژنامەوانی ئێمە نامۆیە و ئەوەندە ئاوڕی لێ ناداتەوە. زۆربەی میدیاکار و ڕۆژنامەوانی ئێستا زۆر کەسایەتی لە لا دەبێتە میوان کە پەرۆشی یەکەم و کۆتایی تەنیا پڕکردنەوەی کاتی بەرنامە و لاپەڕەکەیەتی و چ خوێندنەوەی بۆ بیر و هزر و بەرهەمەکەی کەسایەتییەکە نییە. ئەمە خەسارێکی کوشندەی ڕۆژنامەگەریی ئێستامانە. تەنانەت پاژە سەرەکییەکانی هەواڵ کە بریتینە لە[کێ،لەکوێ،کەی،بۆچ و چلۆن]ی لە لا هیچ گرینگ نییە.[4]

دەیەم و دواخاڵ،بەختەوەرانە منداڵەکانی ئەم میدیاکارە نازەنینە ئەمرۆکە ئەوەندە لە ڕێچکەکەی دایک دوور نین و کوڕەکەی واتە"ئامانج ئازەرمی"،ژەنیار و سترانبێژە و کچەکەیشی،"ئازادە ئازەرمی"یش،لەمێژساڵە خەریکی کاری نواندنە و هەروەها لە بواری شانۆیشدا خاوەن دەست و هونەرێکی باڵایە. بەڵام بە داخ و کەسەرێکی فرەوانە مریەم زاهیریانی،لە نێو بێدەنگییەکی کوشندەدا ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی(٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦)هەر لە شارەکەی خۆی(سنە)کۆچی دواییی دەکات و بە بەرچاو ئەم هەموو ڕاگەیاندنە کاڵفامانەوە غەریبانە بنئاخ دەکرێت. لێرەدایە مرۆ ئەم بەیتەی"هێمن موکریانی"بیر دێتەوە کە چەندە جوان دەبێژێت:

چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟!

بەرد لە بەردی بێتەوە،دەنگی هەیە

ژێدەر:


- ناڵەی جودایی،هێمن،چاپی پێنجەم،سەییدیان،مەهاباد،١٩٧٩


---

[4] ڕوزنامەنگاری نوین،ص٢٩

- تاریخچه رادیو کردی در ایران(رادیو به زبان کردی در ایران، از آغاز تا زمان انقلاب اسلامی)،آرش امجدی،پایان نامەی کارشناسی ارشد ایران شناسی،زمستان ١٣٩٤
- فەرهەنگی کوردواتەنی،ع.ع.شەونم،دەزگای دوارۆژ،سلێمانی، ٢٠٢٠
- ڕادیۆ کوردیی تاران لە بەردەم دەروازەی دیرۆکدا،نووسین و لێکۆڵینەوە هۆمەر نۆریاوی،گۆڤاری ڕێزان،ژمارە ٣،ڕێبەندانی ٢٠١٥
- روزنامەنگاری نوین،نعیم بدیعی،حسین قندی،چاپ سوم،انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی،تهران، ١٣٨٢




